


# برژانگی دەستکرد مۆدێکی ناوازە بە چاوانت دەبەخشن

ئەوانەی برژانگیان درێژە، هەر لە خۆیانەوە چاویان گەش و جوان دەردەکەوێت، تەنانەت ئەگەر ماکیاژیش نەکەن، هەمووان پێیان دەڵێن: وادیارە برژانگی دەستکردت داناوە، بۆیە چاوەکانت هێندە جوانن. جوانیی برژانگی درێژ، یارمەتیدەرە بۆ ڕازاوەکردنی چاو، برژانگی درێژ (False lash) جوانییەکی ئەفسانەییە و ئەوانەی برژانگیان درێژە، دەتوانن سوود لە جوانیی درێژی برژانگیان ببینن، ئەی ئەوانەی کە برژانگیان کورتە، ئاخۆ چۆن دەتوانن چاوێکی گەش بە برژانگی درێژ بە دەست بهێنن، بەتایبەت ئەو کاتانانەی نیازی ئاهەنگ و زەماوەند و بۆنەیەکیان هەیە، بۆ ئەوەی چاوەکانیان وەك ئەستێرەیەکی گەش بدرەوشێتەوە؟ بەڵام چارەسەریش بۆ ئەو گرفتە هەیە. دەتوانی دەستەیەك لە برژانگی دەستکرد لە برژانگت قایم بکەیت و چاوەکانت گەش و ڕازاوە دەکات، وەك دەزانین دوو جۆرە برژانگ هەن، هەندێکیان پلاستیکە و ئەوەی دیکەشیان لە مووی سرووشتی (Red Cherry) یان لە مەنك (Huda Beauty) دروست دەکرێت، لێدانی برژانگی پلاستیکی ڕەق بێزارکەرە و جوانیشی ئەوەندە نییە، تەنانەت بە ئاسانی دەناسرێتەوە کە برژانگی دەستکردە، هەرچی جۆری دووەمە کە لە موو دروستکراون، مۆدێکی نایاب و جوانییەکی سرووشتییان هەیە.



# هەنگاوەکانی گرنگیدان بە نەرمونیانی پێست

وەرزی سەرما و سۆڵە هەمموو لایەکی نیگەران کردووە، بەتایبەت ئافرەتان کە پێستی ڕوخسار و دەستیان هەمیشە بە سەرما تێکدەچێ، بەهۆی ئەو هەوا وشك و دژوارەی لەم کاتەدا هەیە، دەبێتە مایەی چرچ و قلێشت و وردە زیپکە، خەونی هەمموو خانمێکە کە ڕوخساریان ناسك بێت. پسپۆڕان دەڵێن: بۆ ئەوەی بە جوانی ئاگاداری پێیستتان بن، سوود لەم زانیارییانە وەربگرن:

- پاك ڕاگرتنی پێست، بە مەرجێك زێدەڕۆیی نەکەی لە زۆر شووشتنی پێست، وا چاکە بەیانیان و شەوان بەر لە نووستن، پێستی ڕوخسار و ملت بشۆی، تا لە گرفتی نەخۆشی و سەرما بە دوور بێت.
- بەکارهێنانی داو و دەرمانی شیاو، بۆ نموونە: ئەوانەی پێستیان چەورە، یان ڕێژەی چەورییان لە پێستدا زۆرە، نابێت ماکیاژێك بەکاربهێنن، کە ماکیاژەکەش ماددەی چەوری زۆر بێ، بەڵکو دەبێ ئەو دەرمانانە بەکاربهێنن کە ڕێژەی چەورییان کەمە، ئەمەش بۆ هەمموو ئەو حاڵەتانە دەبێت کە ئەوانەی پێستیان وشك و ناسك و هەستیارە.
- لەگەڵ پاککردنەوەی پێستی دەموچاو، هەوڵبدە مل و بەرۆکیشت لەگەڵیدا بشۆی، چونکە شووشتنی یەکێك لەوانە، بە درێژایی ماوەیەك، جیاوازی دروست دەبێت لە نێوان ڕەنگ و شێوەی پێستی ڕوخسار و مل و بەرۆك، هەوڵبدە یەکسان بیت لە شووشتنی پێستی مل و ڕوخساردا.
- بەر لە نووستن، نابێ هیچ پاشماوەیەکی ماکیاژ بە پێستی ڕوخسارتەوە بمێنێت، چونکە کاریگەری خراپی هەیە و پێستی ڕوخسار دەشێوێنێت.
- وا باشە لە کاتی خەوتندا، تەلەمووی پرچ، نەکەوێتە سەر پێستی ڕوخسارت، چونکە دەبێتە هۆی پەڵە و زیپکە و تێکەڵبوونی نێوان پێکهاتەکانی قژ و پێست.



# دوو ماسکی بەسوود بۆ جوانیی روخسارت



ماوە ماوە، پێستی دەموچاو پێویستی بە گرنگیدان و جوانکاری دەبێ، بەتایبەتی لەوکاتەی کە بە هۆی ساردی و گەرمی، یان هەر هۆکارێکی دیکە دوچاری چەندین کێشەی پێست و نەخۆشی دەبێ، ئەوەش کاریگەری لەسەر جوانی پێستی روخسار دەبێت. زۆربەی ئافرەتان بە دەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن، بۆیە پێویستیان بە چارەسەرە تا لەو دۆخە رزگاریان بێت، چارەسەرەکەش بریتییە لە ماسکی دروستکراو لە شلەی چەند کەرەستەیەك، تا وەك پێکهاتەیەك سوودی بۆ پێستی روخسار و جوانیی زیاتر هەبێت. لێرەدا ئەو دوو جۆرە ماسکە دەخەینەڕوو بە هیوای سوودوەرگرتن:

- ماسکی قاوە و کاکاو، ئەوانەی قاوە زۆر دەخۆنەوە، هەردەم پێستیان جوان دەبێ، دەتوانن لە قاوە و کاکاو گیراوەیەك بۆ پێستی روخسارتان ئامادە بکەن بەم رێگەیە: سەرەتا کەوچێکی خواردن لە قاوە و کاکاو بهێنە، پاشان لەگەڵ هەنگوین تێکەڵیان بکە، هەندێك ئاوی لەسەر بکە تا دەبێتە هەویرێك، پاشان بە کەوچکەکە تێکەڵیان بکە تا بە تەواوی تێکەڵی یەك دەبن، پاشان ئەو هەویرە قاوە و کاکاوە لەسەر پێستی دەموچاوت بسوێنە، بۆ ماوەی (٢٠) تا (٣٠) خولەك جێی بهێڵە، واباشە لە نێوان ئەو کاتەدا، بە پەنجەت پێستی دەموچاوت پەرت بکە بە جووڵەی بازنەیی، پاشان کە کاتەکە تەواو بوو، دەموچاوت بە ئاو بشۆ.

- ماسکی تەماتە و هەنگوین: خانمان دەتوانن سوود لە بەروبوومی سرووشتی وەربگرن بۆ جوانیی پێستیان، بەتایبەت پێستی دەموچاو، کەوچێك لە دۆشاوی تەماتە بهێنە، لەگەڵ هەنگوین تێکەڵی یەکتریان بکە، دواتر بە جوانی تێکەڵیان بکە کە هەویرێکی نەرمی لێ دەرچێت، پاشان ئەو هەویرە بخە سەر دەموچاوت، واچاکە پارچە خەیارێك لەسەر هەردوو چاوت دابنێی چونکە چرچ و لۆچیی دەوروبەری چاو ناهێڵێت، ئەو شلە هەویرە بۆ ماوەی (٣٠) خولەك لەسەر دەموچاوت بمێنێتەوە و پاشان دەموچاوت جوان بشۆ، ئەو کارە با هەفتەی (٢) جار بێت و دوای مانگێك دەزانی پێستی دەموچاوت چەندە ناسك و جوان بووە.

# چۆنیەتی دانانی کەرەستە لە دیکۆری ماڵدا





ئەگەرچی زۆربەی دیکۆری ئێستای ماڵەکان لە سەردەمێکی تازەگەری و کەرەستەی نوێ و تازەدا ئامادە دەکرێن، خراپیش نییە ئەگەر کەرەستە و کەلوپەلی کۆن و بەنرخیش هەبن، چونکە دیکۆری ماڵ، وەك نمایشێکی بچووکی دەستڕەنگینی ئافرەتان و کابانی ماڵە، تیایدا هەرچی جوانە نیشانی ئەندامانی ماڵ و ئامادەبووان و میوانان دەدرێت، با کەرەستەی بەنرخ و نایابیشت هەبن، وەك : قاپ و فەخفووری کۆن و گوڵدان و مەرکانەی کۆن، کەرەستەی خواردن کە بە نەخشی جۆراوجۆرەوە هەن، گرنگە بزانیت کە ئەو کەرەستە بەنرخانە چۆن دادەنێت و لە دیکۆری ماڵەکەتدا جێگەی دەکەیتەوە، ئەو رێگایانەی خوارەوە چەندین شێوازی هەمە چەشنی دانانی کەرەستە بەنرخەکانن:

- کەرەستەی تاك: ئەو شێوازە، بۆ ئەو کەرەستانەیە کە گەورەن و بە نەخشن، دەتوانی بە دیواردا هەڵواسیت و شوێنێکی بۆ بکەیتەوە، یان لەسەر مێزێکی بچووکی دابنێیت تا بە زەقی دیار بێ، هەروەها جوانتر دەردەکەوێ ئەگەر کەلوپەلەکانی دیکەی دەوروبەری ئەو تاك کەرەستەیە، جیاواز بن لەو شێوەی ئەو کەرەستە تەنیایە.

- کەرەستەی بچووك: هەندێ جار ئەو کەرەستە بەنرخانە بچووك و ورد دەبن، ڕەنگە ئەوەش بە ئەستەم ببینرێت تا دیکۆرێکی هەبێ، بۆیە دەبێ لەو شوێنانە دابنرێن کە بەرچاون، وەك: نزیك پەنجەرە و تەلەفزیۆن و دەرگاکان، تا ئەوانەی زیاتر سەیری ئەو شوێنانە دەکەن، ئەو کەرەستانەش ببینن.

- کەرەستەی بەکۆمەڵ: کاتێك کۆمەڵێك کەرەستەی بەنرخت دەبێ، هەروەها شوێنی بەردەستیشت نییە تا ئەو کۆمەڵە کەرەستەی لێی دابنێیت، دەتوانی ئەو کەرەستانە لە شوێنێك و بەکۆمەڵیان دابنێت، جگە لەوەی کەرەستەکانت لە شوێنێکدا پارێزراو دەبن، هەروەها نمایشێکی جوانیشی دەبێت.

## زین و كورتانی ئەسپسواری

زین و كورتان یەكێكە لەو كەرەستانەی بۆ جێگیركردنی شوێنی ئەسپسوار لەسەر پشتی ئەسپ دادەنرێت، هەروەها بۆ توندوتۆڵكردنی ئەسپ و باشتر رۆیشتنیشی بەسوودە، كورتان بۆ ئەسپ و گوێدرێژ جیاوازی هەیە، چونكە شێوەی گەورە و بچووكیان هەیە، زین و كورتان لە چەند بەشێك پێكدێن، لەوانە: سەركەلە (قەوس و قەڕاسە — بن زگ-لغاو-ركێپ)، قایشێك هەیە بە قەوس و قەڕاسە بەستراوەتەوە و سەرێكی دیكەی بە دەستی سوارچاك دەبێت، ئەوەش بۆ نیشانكردنی ئاراستەی رۆیشتنی ئاژەڵەیەكە، كە بە كام لادا بڕوات، بە راكێشانی لایەكی ئەو قایشە ئەسپەكە بۆ لایەك دەخولێتەوە، هەروەها ئەگەر هەردوو سەری بە یەكەوە رابكێشرێت بۆ دواوە، ئاژەڵەكە سەری بۆ دواوە بەرز دەبێتەوە و دەوەستێت، ئەوانەش وەك وانەیەك فێری ئاژەڵەكە دەكرێن. زین كردن بۆ سەركەوتنی سوارچاك و بار و كەرەستە گواستەوە بەكاردێت، ژێرەوەی زین و كورتان نەرمە و زیاتر لە قوماش و لاستیكە تا ئەزیەتی پشتی ئاژەڵەكە نەدات و شوێنێكی خۆشیش بێت بۆ سوارچاك، بەشێكی دیكەش هەیە كە پێدەگوترێت (بن زگ)، بریتییە لە چەند پارچە قایش و بەنێك، شێوەی پانە تا لە ژێرەوە بە زگی ئاژەڵەكە دەبەسترێت بۆ قایمكردنی زینەكە، هەروەها راگرتنی یەكسانی پێگەی زینەكە لەسەر پشتی ئاژەڵەكە. قایشێكی دیكە لە دەمیەوە بۆ دواوە دەچێت، یان بۆ دەستی سوارچاك كە پێدەگوترێ لغاو، كە لە كەللە سەر و دەمی ئاژەڵ دەبەسترێت، ئەو لغاوە بۆ ئەم قایشانە بۆ راگرتنی رێپەكە سوراچاكەكە پێی لەسەر دادەنێت و پێی دەوەستێت، زیاتر زین بۆ سواربوونی ئەسپ و رۆیشتن و بازدان بەكاردێ، هەروەها كورتانیش بۆ كاری راكێشانی عەرەبانە و ئاو هێنانە دەرەوەی جارانی ناو بیر و كانی و كاری تایبەت بەكاردەهێنرێ، زین و كورتان بۆ مایین و ئەسپ و گوێدرێژ دادەنرێ، كە بە هەر سێكیان دەگوترێ رەشەوڵاغ.

## درێژەترین ئەندامانی خێزان لە جیهان



بالا و بەژنی مرۆڤ لە هەر تاكێك بۆ تاكێكی دیكە جیاوازە، بالای مرۆڤ كورت و ناوەندی و درێژە، كەچی هەندێك هەن هێندە بالایان بەرزە، دەبێ سەرت بۆی بەرز بكەیتەوە، نموونەش ئەو خێزانەن لە وڵاتی هیندستان، كە درێژترین بالایان هەیە لە جیهاندا، هەر یەكە لە ئەندامانی ئەو خێزانە بە بالا درێژكەیەوە بەناوبانگە. گەورە كەسی ئەو خێزانە پیاوێكە كە ناوی (شاراد كۆلكارنی)یە و تەمەنی (٥٧) ساڵە، كەچی بالای (٢١٣) سەنتیمەترە، ئەمەش واتا درێژترین مرۆڤە لە جیهان، سەیرتر لەوە، گشت ئەندامانی ئەو خێزانە بالایان درێژە و هەر یەكە وەكو یەكن، هەروەها خێزانی ئەو پیاوە كە ناوی (سنجوت)ە ئەویش بالای (١٩٨) سەنتیمەتر درێژە، هەروەها هەردوو كچەكەی یەكێكیان (١٩٥) و ئەوەی دیكەش (٢٠٤) سەنتیمەترە، ئەگەر درێژیی بالای گشت ئەندامانی ئەو خێزانە كۆ بكەینەوە، دەكاتە (٨١٠) سەنتیمەتر، واتە زیاتر لە (٨) مەتر، بەمەش ژمارەیەكی پێوانەیی تۆمار دەكەن و دەبن بە درێژترین خێزان لە جیهان.

## پێشبڕكێ بە پێڵاوی پـ

هەندێك پێشبڕكێ خۆش و سەیر تەنیا بۆ پێكەنین و جێگەی دڵخۆشی ئامادەبووان ئەنجام دەدرێن، لە جیهاندا دوو پێشبڕكێی سەیر هەن، كە هەردووانیان بۆ خۆشیی بەڕێوەدەچێت، یەكەمیان: پێشبڕكێی گا سەرشێتەكانە، كە كۆمەڵە گایەكی سەرشێت بە نێو خەڵكدا بڵاو دەكرێنەوە و بەدوای خەڵك دەكەون، پێشبڕكێی دووەمیش بریتییە لە پێشبڕكێی راكردنی ئافرەتان بە پێڵاوی پاژنە بەرزەوە، ساڵانە ئەو





## ـاژنه بەرزی ئافرەتان

پێشبڕکێیە لە شاری مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیا ئەنجام دەدرێ زیاتر لە (١٥٠) ئافرەت بەشداری دەکەن، هەر یەکە پێڵاوێکی پاژنە بەرز لە پێی دەبێت و دەبێ بۆ مەودای (٥٠) مەتر ڕابکات، مەرجێکی سەرەکیی بەشداربووانی ئەو پێشبڕکێیە ئەوەیە کە نابێت درێژی پاژنەی پێڵاوەکانیان لە (٩) سەنتیمەتر کەمتر بێت، خەڵاتەکەش بریتییە لە (٢٥٠٠)یۆرۆ، لە دوای خۆشحاڵی و چەندین دیمەنی کەوتن و پێکەنین، یەکێك لە بەشداربووان بە ناوی (پیترۆڤیا) خەڵاتەکەی بە دەست هێنا.








## سەیرترین خۆپیشاندان!

خۆپیشاندان، مافی هەموو کەسێکە، تا بتوانی بە شێوەیەکی هێمنانە دەنگی ناڕەزایی خۆی بگەیەنێتە دەسەڵات بەدەستان، یان لایەنی پەیوەندیدار بە کێشە و گرفتەکەی، ڕۆژانە چەندین خۆپیشاندان لەسەر ئاستی وڵاتانی جیهان دەبینین، کە هەر یەکە لەسەر بابەتێکە، بەڵام سەیرترین خۆپیشاندان، ئەوە بوو کە لە وڵاتی بەلژیکا کرا، هۆکاری خۆپیشاندانەکە لەسەر دابەزینی نرخی بەروبوومی گیانداران بوو، بەتایبەت نرخی شیر و هێلکە، هەر بۆیە جووتیاران و خاوەن ئاژەڵەکان، هەرچی شیر و هێلکەیان هەیە، هێنایانە ئەو شوێنەی کە نیازیان بوو خۆپیشاندان بکەن، دوای ئەوەی هێزەکانی چالاکی مەدەنی دەگەن بە شوێنەکە، ئەوانیش بە شیر و هێلکە، هێزەکانی بەرگرییان شیرڕێژ و هێلکەباران کرد، هۆکاری سەرەکیش ئەوە بوو، کە تێچووی بوتڵێك شیر لەلای جووتیارانەوە بە (٥٠) سەنت بوو، کەچی لە بازاڕی فرۆشتندا نرخیان بە (٣٤) سەنت دانابوو.






# فۆتۆگراف



یەکێکە لە وێنە نایابەکانی وێنەگری جۆرجی (ئەناند ڤارنا) کە فۆتۆگرافەرێکی لێهاتووە و خوێندنی بایۆلۆژی لە زانکۆی کالیفۆرنیای ئەمریکی تەواو کردووە، جگە لەوەی گرنگی بە بواری زیندەوەرزانی و بایۆلۆژی دەدات، هەروەها خولیای وێنەگرتن بوو، ئێستا لە وڵاتی کالیفۆرنیا دەژی و زۆربەی وێنەکانی دەربارەی بواری زیندەوەرزانی و بایۆلۆژییە، ئەو وێنەیەی باس لە جۆرە جاڵجاڵۆکەیەك دەکات کە دوای ئەوەی لە شەڕێك دەبەزێت و پاشان واز لە شەڕکردن دەهێنێت و زگی گەورە دەکات تا ببێتە هێلکەدانێك تا لە داهاتوودا وەك مێیەنەیەك رەفتار بکات، وێنەکە بە کامێرای (Canon EOS 5D) گیراوە بە (shutter speed 1/197) و(F-stope 16.0) و (Focal Length 100.0mm) و (ISO 160).

## کاریکاتێر




ئەم کاریکاتێرە باسە لە کاریگەری چەك و تەقەمەنی دەکات، لە کاریکاتێرەکە باس لەو کەسانە دەکات کە سەری فیشەکەکان دەسڕنەوە و دەیکەن بە شێوەی دیکە کە هێمای ترسناکی نەبەخشێت.

## پەند و وتە



مەهماتا موهانداس کاراماچاند گاندی، رابەر و سەرۆکی بزووتنەوەی دژە بەریتانییەکان و سەرکردەی دیاری هیندستان، ساڵی (١٨٦٩) لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٤٨) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی فرە رۆشنبیری و جیاوازی بیرکردنەوە دەڵێ: پێویستە پەنجەرەی ماڵەکەم کراوە بێت، تا هەوای هەموو کەلتوور و رۆشنبیری نەتەوە و کەسانی دیکەم بۆ بێت، بەڵام نەبێتە هۆی کێشانی رەگ و ریشەم!



### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

وا پێویست دەکات ئەو کێشەیەی ئێستات بە بێدەنگی چارەسەر بکەیت، لەم گۆڕانکارییانەی کە لە ماوەی رابردوو بەسەر ژیانتدا هاتوون، کەمێك باری سۆزداریتی شێواندووە، بەڵام بێ ئومێد مەبە لەم ماوەیەدا بەخت یاوەرت دەبێت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

دڵت گەورەیە بۆ رووداوەکان، هەمیشە کاتەکانت دیاری بکە و دەستکاری ژیانت مەکە، کەسێکی ژیری و بیرکردنەوەت جیاوازە، هاوڕێیەکی خۆشەویست پێویستی بە بایەخدانی تۆ هەیە، تۆش کە بە کەسێکی وەفادار ناسراوی، فەرامۆشی مەکەو هاوکاری بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

راستییەکان زوو، یان درەنگ بۆت ئاشکرا دەبن، خەمی داهاتووت نەبێت، چونکە بەرەو خۆشی و شادی رێگە دەگریت، گشت مرۆڤێك لەژیانیدا تووشی ناخۆشی و دارمان دەبێت، بۆیە نائومێد مەبە و خۆشت بەدەستەوە مەدە و لە هەوڵدانت بەردەوام بە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

کارێك مەکە ببێتە مایەی پەشیمانی بۆت، کەسێکی هەستت ناسکە و بە رووداوی سادە و بچووك کاریگەر دەبیت، لەبواری ئەڤیندارییەوە گومان و دوودڵی بەرەو کارەساتت دەبات، کەمێك ژیرانە سەرنج لە دەوروبەرکەت بدە، ئینجا تێدەگەیت کە چەند کەمتەرخەمیت کردووە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پەیوەندییەکانت بەرەو تێکچوون رۆیشتووە، هەوڵبدە کەسانی دەوروبەرت و بەتایبەتی ئەوانەی لێت تۆراون ئاشتیان بکەیتەوە، زۆر لەهەوڵی ئەوەدای کە هەر چۆنێك بێت و بەهەر شێوەیەك بێت راوبۆچوونەکانی خۆت بە سەر خۆشەویستەکەتدا بسەپێنی، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پەیوەندیەکانتان دەبێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

هەمیشە بە دوای کاری چاکەی، زۆر جار کێشەکانت بەرەو چارەسەری دەچن، کەچی بۆت ناچێتە سەر، توانایەکی باشت هەیەو دەرفەتیش لەبارە بۆ ئەوەی بارودۆخی داراییت بەرەو باشتر ببەیت، لە بواری سۆزدارییەوە کەسێك بەداوی ئەوەیە گرفتێکت بۆ دروست بکات.

# پوختەی فیلم



## دایك – Mother

فیلمێكی بە جۆشی ترسناك و شانۆییە، باس لە دوو هاوسەر دەكات كاتێك میوانیان دێت و بۆ ماوەیەك لە ماڵەكەیان دەمێنێتەوە، كە لە فلیمەكەدا مراوی ڕەشیان لە خەونەكانیان بۆ پەیدا دەبێت كە لە خەونی هەردووانیان دەبێت، فیلمەكە لە نواندنی (جینیفەر لۆرینس و خافێر باردێم)ـە، ماوەی فیلمەكە (٢) كاتژمێر و (١) خولەكە، بودجەی فیلمەكە (٣٠) ملیۆن دۆلارە و داهاتەكەشی (٤٤) ملیۆن دۆلار بووە، لە دەرهێنانی (دارییین ئرنۆڤیسكی)یە و وێنەكانی لە وڵاتی ئەڵمانیا گیراوە.

# بۆ زانیاریت

ئەو كەسانەی زۆر زیرەكن و خاوەنی داهێنانن، هاوسەنگییەكی باشیان هەیە لە بەرەوپێشچوون و كارلێككردنی نێوان هەردوو نیوە لاكەی مێشكیاندا، لە ڕاستیدا ناگونجێ داهێنان لە نەبوونەوە بكرێ، هەروەك چۆن لە فیزیك هیچ شتێك لەخۆیەوە نایەتە بوون، بۆیە دەبێت مرۆڤ خاوەن زانیاری پێویست بێت لە بوارەكەدا، ئەو زانیارییانەش لە نیوەی لاچەپەوە وەردەگیرێن، لێرەوە ئەگەرێكی سەرسامكەر و ماقووڵ پەیدا دەبێ، ئەگەرەكە دەڵێ: لەوانەیە فاكتەری گشتی زیرەكی باڵای زیرەك، بەشێوەیەك لە شێوەكان پەیوەست بێت بە خێرایی تەواوكاری و نەرمی لە كاركردن لە نێوان فەرمان و ئەركەكانی تایبەت بە هەردوو لاتەنیشتەكەی مێشك. ئاماژەمان بە كورتەیەكی سادە كردووە لە هەندێ زانیاری ئاڵۆز كە بنەماكانی مێشك ڕوون دەكەنەوە، لە ڕاستیدا هەندێ ناوچەی بچووك لە هەردوو لای لاتەنیشتی مێشك دۆزراونەتەوە كە ئەركی لایەنەكەی تر جێبەجێ دەكەن، بۆ نموونە هەندێ لە چالاكییە زمانەوانییەكان لە نیوە لای ڕاستی مێشك لەنگەر دەگرن، ئەمە لە كاتێكدا هەندێ لە چالاكییەكانی بینینی لە نیوەی لای چەپدا جێبەجێ ئەكرێ. لای ڕاست: بۆشایی، غەریزە، هەست، هەستەكان، هەڵوێست، ڕێكخستنی فیزیكی، بینین، هونەرەكان، میكانیك، ئیقاع، میوزیك، سەما، پێكهێنان، ئافراندنی گشتی، زیرەكی داهێنەر.

لای چەپ: كات، یادەوەری، گوتن، زمان، ژمارەكان، ژمێرە، زنجیرە، بەدوای یەكداهاتن، پۆلاندن، لۆژیك، شیكردنەوە، زیرەكی و پسپۆڕی، داهێنانی زیرەكانە.

## شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

بیركردنەوەی جیاوازت لەگەڵ دەوروبەر كێشەی بۆت دروست كردووە، بۆیە شتێك مەكە ببێتە مایەی پاشگەزبوونەوەت، ماوەیەكە كەمێك پەستی و نیگەرانی ڕووت تێدەكات و باری دەروونیت ئاڵۆز دەكات، بۆیە وا باشترە زیاتر تێكەڵی هاوڕێكانت بیت، قسەكردنیش لەگەڵ دۆستەكەت خەمەكانت سووك دەكات.

## دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١

خەریكە بە چارەسەری كێشەكان دەگەیت، هەستت بەرزە و بەر لە ڕووداوەكان هەست بە ئەنجامەكانیان دەكەیت، زیاتر بایەخ بە تەندروستیت بدە، لەبواری كاریشدا ئاگادار بە گرفتە خێزانییەكانت لەئیش و كاردا ساردت نەكەنەوە، خۆت لە بیركردنەوەی زۆر لە ڕەوشەكان دوور بخەرەوە.

## كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

خەمێكی قووڵ بێزارت دەكات و چەندین جار كێشەی بۆت دروست كردووە، پێویستە چارەسەری بكەیت و خۆت دەرباز بكەی، كەمێك ویژدانت بەكار بێنە لەهەڵسوكەتت بەرامبەر دڵدارەكەت، لە دەرنجامی گفتوگۆكەیدا دەگەیت بە چەند ڕاستییەك كە پێشتر بە هەڵە تێگەیشتبووی.

## گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩


ئەو ماوەیە بێزاریت پێوە دیارە، كەسێك لە جیاتی خۆشی، خەمت پێدەدات، دڵت ئارام بێت و داهاتووت بەرەو خۆشی و شادی دەچێ، لە بواری ئیش و كاردا بەرەو پێش دەچیت و لەسەركەتن نزیك دەبیتەوە، هەروەها لەم ماوەیەدا پلەی كۆمەڵایەتیت دیار و گەشاوە دەبێت.

## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئەركەكانت قورسن و تووشی دوودڵی بووی، نازانیت كامە ڕێگە هەڵبژێریت، بەرژەوەندی خۆت بوێت و لە داهاتووت مەترسە، لە بواری كاردا پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ كەسانی دەوروبەرت بكەیت، چونكە كەسانێك لە بۆسە بۆت دانیشتوون، ئەمەش بە هۆی سەركەوتنەكانت لە بواری كارەكەتدا.

## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ڕێگە بە كەسانێك مەدە كە لە هەست و ناخت تێناگەن، ئەوەی لەسەرتە جێبەجێیان بكە و داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێ، پێویستە زیاتر بایەخ بە باری ئابووریت بدەیت و بە بەرنامەیەكی ڕێكوپێك كارەكانت ڕێك بخەیت، لایەنی سۆزداریشت ئەوەندە فەرامۆش مەكە.



# فێڵكاریی وێنە

لەم وێنەیەدا، كەسێك لەسەر فەرشێك وەستاوەو سێبەرێكیش لە ژێرەوەی بەڕەكە هەیە، وەك ئەوەی لە ئاسمان وەستابێت، هەوڵبدە ڕاست و دروستیی وێنەكە بزانیت چۆنە و چییە.

# نوكتە

یەكێك پێی لە پەلكە مۆزێك خلیسكا و بەر بوویەوە، هەستایەوە و دیسانەوە ڕۆیشت، دواتر پەلكە مۆزێكی دیكەی بینی و لە خۆیەوە گوتی: وەرە تاقەتت هەبێت دیسان بەر ببیتەوە.